# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2024

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Khabat Technical Institute | |
| Department | Legal Administration | |
| Module Name | Penal Code | |
| Module Code | PEC 203 | |
| Semester | | |
| Credits | | |
| Module type | Prerequisite [ ] Core [/] Assist. [ ] | |
| Weekly hours | | |
| Weekly hours (Theory) | ( 2 )hr Class | ( 5 )hr Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( 2 )hr Class | ( 5 )hr Workload |
| Lecturer (Theory) | Nahro A. Abdullah | |
| E-Mail & Mobile NO. | Nahro.abdulla@epu.edu.iq<br>07504468748 | |
| Lecturer (Practical) | = | |
| E-Mail & Mobile NO. | = | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description**<br>**ناوەرۆكی گشتی كۆرس** | لەڕاستیدا یاسای سزاكان مافی دەولەت بۆ سەپاندنی سزا ڕێك دەخات ئەو مافەی كە بە مەترسیدارترین ئامرازی دەولەت دادەنرێت بەرامبەر تاكەكانی, ئەو مافەی كە پێویستی ژیانی كۆمەلایەتی و بەردەوامبوونی دەیسەپێنی بۆ مانەوەی كۆمەلگاو پارێزگاری كردنی لەو ڕەفتارو هەلسوكەوتە زیان بەخشانەی كە ڕووبەڕووی دەبێتەوەو دەبێتە هەڕەشە لە بوون و سیستەمەكەی .بۆیە ئامانج و مەبەستی گشتی لە پێشكەش كردنی ئەم بابەتە گرینگە بۆ فێرخوازانی ئازیزمان لە قۆناغی یەكەمی بەشە كارگێڕییەكان لە پەیمانگاكانی سەر بە زانكۆمان بە گشتی و بەشی كارگێڕی یاسایی ئەوەیە لەكاتی دەرچونیان لە پەیمانگاكەمان زانیاری تەواویان لەسەر بنەما گشتییە (بابەتیەكانی) یاسای سزاكان هەبێت و بەجۆرێك بزانن ئەحكامەكانی ئەو یاسایە لەڕووی كات و شوێن و كەسەكان چۆن پیادە دەكرێت و تا بتوانن لە كارەكانی وەزیفیان بە جوانترین ئەدا خزمەت بكەن . |
| **Course objectives**<br>**ئامانجەكانی كۆرس** | فێرخواز لەمیانەی ئەم وەرزەی خوێندندا توانای باش دەبێت لە بەدەست هێنانی زانستی ئەكادیمی, و فراوان بوونی تێگەیشتنی لە بنەماكانی یاسای تاوانی بەشێوەیەكی گشتی و یاسای سزادان بەشێوەیەكی تایبەتی بەهۆی ئاشنابوونی بە بنەما گشتیەكانی یاسای سزادان كە مەرجە گشتیەكانی تاوان و سزاكان دیاری دەكات هەروەها پۆلێن كردنی تاوان و سزاكان جۆرەكانی هەریەكەیان ، و ئەو كەسانەی كە دەبنە بابەتی بەرپرسیارەتی تاوانی و ئەو كاریگەریانەی كە لەوانەیە بێنە بەردەم بەرپرسیارەتی تاوانی لە لایەنی توندی و سووكی و نەمانی بەرپرسیاریەتی. |

**Student's obligation**
**پابەند بوونی قوتابی**

1- پابەندبوون بە ئامادەبوون لە کاتی محازەرە، ڕێگا نادرێت بە هاتنە ژوورەوە بۆ هۆڵی وانە ووتنەوە پاش (5) خولەك لە دەست پێکردنی وانە

2- پابەندبوون بە ئامادەبوونی تاقیکردنەوەکانی وەرزی لە کاتی خۆیدا.

3- ڕێگا نادرێت بە دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەی وەرزی تەنها بە پاساوی ڕاپۆرتی پزیشکی باوەڕپێکراو لەلایەن نەخۆشخانەیەکی حکومی وە لە حالەتی رازی بوون بە پاساوەکە ئەوا تاقیکردنەوەیەکی تر لە کۆتایی وەرزی خوێندن لە هەموو بابەتەکانی کورسەکە ئەنجام دەدرێت.

4- ئەنجامدانی سیمینارو ڕاپۆرت و پەیپەر لەلایەن قوتابی سەبارەت بە وانەکە

پابەند بوون بە خوێندنی ڕۆژانەو ئامادەکردنی بابەتەکان

5- ئەنجامدانی (کویز) واتە تاقیکردنەوەی کورت بێ ئاگادارکردنەوەی پێش وەختە ئەنجام دەدرێت لە وانەی پێشوو وانەی ئەو ڕۆژەی (کویز) تێدا ئەنجام دەدرێت.

**Required Learning Materials**
**ئامرازەکانی فێرکردن**

بۆ گەیاندنی بابەتەکانی کورسەکە ئەم ڕێگایانەی خوارەوە بەکار دەهێنین:

1- هەول دەدەین بە ئامرازی فێرکاری نوێ وەکو لاپتوپ و داتاشو بابەتە زانستیەکان بە شێوەی سلایدات لەسەر تەختەو شاشەی هۆل بۆ قوتابیان بخەینەڕوو ڕاڤەی بکەین وە نموونەی جۆراوجۆر لە شێوەی هێلکاری و خشتەی ڕوونکردنەوەی مادەی زانستی بڕیاردراو.

2- هەروەها بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر تەختە ڕەش بەکار دێنم لە هەر شوێنێکدا پێویست بێ

3- بۆ سود وەرگرتن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە پێویستە قوتابی بتوانیت بەردەوام بخوێنی و بەدواداچوونی بەردەوامی وانەکان بکات و هەروەها بەشدار بێت لە ئاراستەکردنی پرسیارو وەلامدانەوە لەناو هۆڵی خوێندن.

**Assessment scheme**
**هەلسەنگاندن**

| Task | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|
| Homework | 10 | | 10% |
| Class Activity | 2 | 4 | 2% |
| Report | 8 | 6 | 8% |
| | | | |

| | |
|---|---|
| | <table><tr><td>Seminar</td><td>8</td><td>2</td><td>8%</td></tr><tr><td>paper</td><td></td><td></td><td></td></tr><tr><td>Essay</td><td></td><td></td><td></td></tr><tr><td>Project</td><td></td><td></td><td></td></tr><tr><td>Quiz</td><td>8</td><td>3,5,9</td><td>8%</td></tr><tr><td>Midterm Exam</td><td>24</td><td>6</td><td>24%</td></tr><tr><td>Final Exam</td><td>40</td><td>14</td><td>40%</td></tr><tr><td>Total</td><td>100</td><td></td><td>100%</td></tr></table> |
| **Specific learning outcome:**<br>دەرەنجامەکانی فێربوون | پێشبینی دەکرێ لە کۆتایی ئەو سیمیستەرەدا فێرخواز زانیاری باشی هەبێ لەو بابەتانەی خوارەوە :<br>1- چەمکی یاسای سزادان و پەیوەندی بە زانستە یارمەتیدەرەکانی.<br>2- گەشەکردنی یاسای سزادان.<br>3- سەرچاوەی یاسای سزادان.<br>4- تاوان ،چەمکی تاوان،رایەلەکانی<br>5- هۆیەکانی ڕێگەپێدان.<br>6- جۆرەکانی تاوان.<br>7- تاوانبارو بەرپرسیاریەتی تاوانی و نەمانی بەرپرسیاریەتی تاوانی.<br>8- سزاو جۆرەکانی تاکی سزا.<br>9- بارودۆخە توندو سووکەکانی سزا |
| **Course References:**<br>سەرچاوەکان | <table><tr><td>سەرچاوە یارمەتیدەرەکان</td><td>سەرچاوە سەرەکیەکان</td></tr></table> |

| | | |
|---|---|---|
| | 1- عبدالصمد خيلانى, شرۆڤەی بنەما گشتييەكانی ياسای سزاكان.<br>2- قانون العقوبات العراقي رقم (111) لسنة 1969 | 1- د.علي حسين خلف ود.سلطان عبدالقادر الشاوي، المبادئ العامة في قانون العقوبات.<br>2- د. ضاري خليل محمود , الوجيز في شرح قانون العقوبات- القسم العام.<br>3- د.عباس الحسني، شرح قانون العقوبات العراقي الجديد – القسم العام.<br>4- د. سعد إبراهيم الأعظمي, موسوعة المصطلحات القانون الجنائي. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| تێگەيشتن لە ياسای سزادان و پەيوەندی بە لقەكانی تری ياسا — بنەمای بە ياسابوونی تاوانەكان و سزاكان | 1 | ئاشنابوون بە ياسای سزاكان و گرينگی ئەو ياسايە و سەرچاوەكەی |
| پيادەكردنی ياسای تاوانی لەڕووی شوێن (بنەمای هەرێمايەتی، جياكەرەوەكانی ) | 2 | ئاشنا بون بە چوارچێوەی دەسەلاتی ئەو ياسايە |
| تاوان (چەمكی تاوان, ڕايەلەكانی) , (ڕايەلەی مادی تاوان) | 3 | چۆنيەتی دياری كردنی كردەوەيەكی تاوانكاری |
| ڕايەلەی دەروونی تاوان (مەبەستی تاوانی, هەلە) | 4 | ئاشنا بون بە ڕايەلەی بەرپرسياريەتی تاوانی |
| شێوازەكانی ئەنجامدانی تاوان (يەكەمَ/ شروع , ڕايەلەكانی و سزاكەی) تاوانی مەحال | 5 | ئاشنابوون بە جۆرەكانی تاوان كە چ كاتێك دەستپێكردنە |
| تاقيكردنەوەی Midterm | 6 | |
| هۆيەكانی ڕێگەپێدان (ڕێسا گشتيەكانی ڕێگەپێدان) بەكار هێنانی ماف وەكو هۆكارێكی گشتی ڕێگەپێدان | 7 | ئاشنابون بە ڕێگاكانی ڕێگەپێدان و چ كاتێك كردەوەيەكی تاوانی ڕێگەی پێدراوە |

| | | |
|---|---|---|
| هۆیەکانی ڕێگەپێدان<br>بەجێگەیاندنی ئەرك و بەرگری ڕەوا | 8 | لە چ کاتێکدا بەجێگەیاندنی ئەرك و بەرگری ڕەوا سزای لەسەر نیە |
| جۆرەکانی تاوان لەڕووی گەورەیی و سروشتەکەی | 9 | ئاشنابون بە جۆرەکانی تاوان و سروشتەکەی لە چ بارێکدا سیاسیە و لە چ بارێکدا تاوانی ئاساییە |
| چەمکی تاوانبارو بەرپرسیاریەتی تاوانی<br>شێوەکانی نەبوونی  بەرپرسیاریەتی تاوانی (هەلەی نائەنقەست, لەدەست دانی هەست یان  ویست, زۆرلێکردن) | 10 | ئاشنا بون بە حالەتەکانی نەمانی بەرپرسیاریەتی تاوانی و هۆکارەکانی نەمانی بەرپرسیارەتی تاوان |
| سزا, چەمك و ئامانجی سزا<br>جۆرەکانی سزا بنەڕەتیەکان<br>سزا پاشکۆییەکان<br>سزا تەواوکاریەکان | 11 | ئاشنابون بە سزاو جۆرەکانی و خاسیەت و تایبەتمەندیەکانی و ئامانجەکانی سەپاندنی سزا |
| **گفتوگۆی  ڕاپۆرت و سیمینارەکان** | 12 | |

| Practical Topics | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

## Questions Example Design پرسیارو وەلامی نمونەیی

پ1/ ئەم زاراوە یاساییانەی خوارەوە پێناسە بکە؟

1/ یاسای ڕاڤەکار 2/ پلانی پێش وەختە / ئەنجامدەری تاوان (فاعل الجريمة)

پ٢/ بە نمونەیەك ئەمانەی خوارەوە ڕوون بکەرەوە

1/ تاوانەکانی بەردەوام

2/ تاوانی ڕاهاتن لەسەر

پ3/ ئەمانەی خوارەوە وەلام بدەرەوە

1/ مەرجەکانی پیادە کردنی بنەمای گشتگیر (جیهانی) یاسای تاوانی بە پێی یاسای سزادانی عیراقی چین؟

2/ ڕەگەزەکانی روکنی ماددی و روکنی مەعنەوی تاوان بژمێرە.

3/ لەبەر چ هۆکارێك یاسای سزاکانی عیراقی ئەو بەشداربووەی لەکاتی ئەنجامدانی تاوان ئامادەی ڕێو ڕەسمی تاوان بێت بە ئەنجامدەری دادەنێت.

پ4/ ڕاستی و چەوتی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دیار بکەو چەوتەکان ڕاست بکەوە.

1/ هەندێك لە زانایان ڕەخنە لە بنەمای بە یاسابوونی تاوان و سزاکان دەگرن بەوەی کە بنەمایەکی کۆنە (رجعيه).

2/ هیچ جیاوازییەك نیە لە نێوان ڕیککەوتن لەگەل هاندان لە بەشداربووی لاوەکی تاوان .

پ5/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشە یان دەستەواژەی گونجاو پڕ بکەرەوە

1/ ئامرازەکانی بەشدار بوونی لاوەکی تاوان بریتین لە 1 ____________ 2 ____________ 3____________ .

## وەلامی نموونەیی پرسیارەکان

**وەلامی پرسیاری یەکەم:**

**1- - یاسای ڕاڤەکار: بریتی یە لەو یاسایەی کە دەردەچێت  تەنها بۆ ڕوونکردنەوەی خالێك یان برگەیەك لە یاسای پێشوو کە ناکۆکی لەسەرە, هیچ برگەو حوکمی نویٚ ی تێدا نیە, بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو لەگەل یاسا کۆنەکە یەکدەگرێت.**

**2- پلانی پێش وەختە: بریتیە لە بیرکردنەوەی پێش وەختەی بەرنامە داڕێژراو بۆ ئەنجامدانی تاوان دوور لە تورە بوون و هەلچوونی دەروونی.**

**3- ئەنجامدەری سەرەکی: بریتیە لەو کەسەی کە تاوانی هێناوەتە کایەوەو ڕۆلی سەرەکی و گرینگی هەیە لە جێبەجێ کردنی ڕەفتاری تاوانکاری**

**وەلامی پرسیاری دووەم:**

**1- لێخورینی ئوتومبیل بەبیٚ مۆلەت ، هەلگرتنی چەك بەبیٚ مۆلەت.**

**2- زینای پیاو لە مالی هاوسەری**

**وەلامی پرسیاری سیٚ یەم:**

-1

1. **بازرگانی کردن بە ئافرەت**
2. **بازرگانی کردن بە منال.**
3. **بازرگانی کردن بە کۆیلە.**
4. **بازرگانی کردن بە مادە هۆشبەرەکان**
5. **پەکخستن و لەکار خستنی هۆیەکانی پەیوەندی کردن**

-2

1- ڕەفتاری تاوانکاری 2- دەرەنجامی زیان بەخش. 3- پەیوەندی هۆکارییەتی لە نێوانیان.

1- بوونی ویست 2- بوونی هەست.

3-

چونکە ئامادەبوونی لەو شوێنە دوای بەشداری کردنی بە هەر ئامرازێك لە ئامرازەکانی بەشداری کردن بەلگەیە لەسەر ئەوەی لە دوای بەشداری کردن دەیەوێت پلانێکی تر دابڕێژێت لەڕێگەی هاوکاری کردنی جێبەجێکاری تاوان .

وەلامی پرسیاری چوارەم:

1- دەستەواژەکە ڕاستە, لەبەر ئەوەی تاوان دادەنێت وەکو کیانێکی قانونی جیا لە کەسیتی تاوانبار بە جۆرێك کە سزا دیاری دەکات بۆ هەر تاوانێك لەسەر بنەمای ئەو زەرەرە مادیانەی کە لە دەرەنجامی تاوانەکە هاتووە نەك لەسەر بنەمای ئەو مەترسیانەی کە لە ناخی کەسی تاوانباردا سەرچاوەی گرتووە.

2- دەستەواژەکە هەلەیە, بەلکو جیاوازن چونکە لە هاندان ویستی هاندەر بەرزترە لە ویستی هاندراو لە کاتێکدا لە ڕێککەوتن ویستەکان لەڕووی گرینگیەوە یەکسانن.

وەلامی پرسیاری پێنجەم/

1- هاندان 2- ڕێکەوتن 3- یارمەتیدان

**Extra notes:**

**External Evaluator**